# ته نها په ڕله مانێکی ڕاستی و سه رۆکێکی هه لبژێردراو ده توانێ کوردوستان له ئه نار خیزم ڕزگار بکات

نوری عومه ر

وه ک له هه موو دڵسۆزانی گه له که مان ئاشکرایه ، سه رانی بزوتنه وه ی کورد که وتونه سات و سه ودای خۆپه رستانه و یاریکردن به ئاگر، گێژاوێکیان بۆ کورد سازداوه که بوه ته هۆی ئه نارخیزمی ڕامیاری ، وه پچڕ پچڕکردنی گه لی کورد . ئه م بارودۆخه هه ڕه شه ی دووباره باڵا ده ستی ئیسلام شۆڤێنی عروبی له کوردوستانی باشور ده کات ، له و ڕێگه یه شه وه مه ترسی گه وره بۆ به شه کانی دیکه ی کوردوستان له گه ڵ خۆی کێش ده کا.

ئه م سات و سه ودایه نه ک هه ر دوره له ئیراده ی جه ماوه ری شۆڕشگێر ، به لکو ئیهانه کردنه به بیرو بۆچونی ئازادیخوازانه ی کورد ، له هه مان کاتدا پێشێلکردنی که رامه تی ئه و گه له یه . تاکه مه به ستی خۆ فرۆشتنی ئه م سه رکردایه تیه - وه ک ده بینین و هه ستی پێده که ین ته نها مۆنۆپۆل کردنی ده سه ڵاته له کوردوستان وه تاڵانی سامانیه تی.
سات و سه ودای کورد فرۆشتن هه ر چه ند به ماڵی به رزانیه وه لکاوه ، به ڵام ئه وه ناگه یه نێ که یه کیه تی ده ستی له م گه مه یه دا نیه ، به لکو هۆ ی ئه وه یه که بارزانی وه ک داڕێژه ری پلانی ئه م گه مه یه یه ، وه خودی خۆی سه ر په رشتی جێبه جێ کردنی ده کات ، واتا با رزانی دینامۆ ی ئه م ساتو سه ودایه یه .

سه رانی دکتاتۆر هۆی سا ت و سه ودا گه ریه کا نیان ده گێرنه وه ته نها بۆ:
حماقاتی ئیسلام عروبی وا به سته به درێژه دان به سه پاندنی سیاسه تی امپێریالیزمی ئیسلام به سه ر گه لانی کوردوستاندا له پێناو توانه وه ی شوناسنامه ی کورد ، هه ر وه ها بۆ زاڵبوونی خه سڵه تی خۆ به رزگرتنی ( الاستعلاء القومي) عه ره بی ،وه ئاماده نه بوونی عه ره ب وه ک نه ته وه بۆ هاریکاری و سۆلیداری (کێشه ی ئۆجه لان وه ک نموونه یه کی به رچاو ) له گه ڵ بزوتنه وه ی ڕزگاری کورد ، به ڵام واقیع به زمانێکی دیکه ده دوێ . واقیعی مۆنۆپۆل کردنی کاروباری ئیداری ، سیاسی ، دارایی له لایه ن خێڵی به رزانیه وه ، تاڵانی سامانی کوردوستان له لایه ن سه رانی پارتی و یه کیه تیه وه ڕه نگدانه وه ی خۆ په رستی ( انانی ) ئه م تاقمه یه که پاره و پوول و جناتی عد ن به جۆ رێک چاویانی کوێر کردوه ، هه ست و هۆشی لێ بریون نه ک ته نها جه ماوه ری ڕه ش و ڕووتیان له بیر بچێت ، به لکو ڕابوردوی نه دارایی خۆشیانی له بیر بچێته وه ، نه زانن کوری کێن! باشترین هاورێ ی ئه م دهس ته و تاقمه بریتین له هاورێ فایلچیه کانیان ، بۆ ئاشکرا نه کردنیان په نایان بردوه ته به رئه م هاورێ فایلچیانه ، دژ به ئیراده ی گه ل ده ستی باڵایان داونه تێ!
ڕه نگی مرۆڤکوژی و جه رده یی له ڕووی سه رانی بزوتنه وه ی کوردی بۆه ته نیشانه ی جیاکردنه وه یان (علاماتی فارقه ) ، هه ر عه بایه کی خۆیانی تێوه بپێچن ، چه عه بای دیموکراسی چه فیدرالی ناتوانێ ئه م علاماتانه بشارێته وه!
ئه م هه ڵسوکه وته نا به جێیانه وایا ن له جه ماوه ر کردوه که چیدی متمانه به سه ر کرده کان نه که ن ، ئه وانه بخه نه زبڵدانی مێژوو .
گاڵته جاڕی سه رانی سات و سه ودا که وتوونه درۆ و ده له سه ی له ڕاده به ده ر چو ، بێ شه رمانه که وتونه عه وامفریوی . به گۆ شه یه کی زاریان ئه وه ده ر ده بڕن که گۆایا ده ستوری عیراق زه مانه تی مافه سه ره کیه کانی کوردوستانی کردوه ، له هه مان کاتدا ئاشیا ن خستوه ته گه ڕ که گۆایا ئیسلامیسته کانی کوردوستان ده یانه وێ فیدرالیه تی محافظات به سه ر کوردا بسه پێنن!
ئه م کردارانه هۆی له ده ستدانی متمانه ی گه له به ده سته ی سات و سه ودا. بۆ یه که س به و زورنایه نایه ته جۆش که ئه م تاقمه ومشه خۆره جاڕچیه کانیان سازیان کردوه .

سات و سه ودای ناوبراو ته نها به قازانجی سه رانی ده سه ڵاته .ئه و ده سه ڵاته ی له م سات و سه ودایه وه ده ست ها توه ته نها حاڵه تێکی کاتیه ، بناغه ی یاسایی نیه ، به نده به چۆنیه تی و چه ندایه تی ئه و خزمه ته ی ئه مانه وه ک لایه نه دووهه م پێشکه ش به لایه نی یه که م ، واتا لایه نی کڕیار (هێزه بیانیه کان) ی ده

که ن . دابین کردن و مسۆگه ر کردنی ئه م خزمه تکاریه پێویستیان به  هێشتنه وه ی کورده به حاڵه تی  مه مره و مه ژی .  مانه وه ی سه رانی ساتو سه ودا بۆ پێشکه ش کردنی ئه م واجبا تانه  پێویستی به هه ندێ ده سه ڵاتی سیاسی و ئیداری هه یه ، ئه م حاڵه ته ( ده سه ڵاتی ئیداری و سیاسی ) هه ر وه ک باسمان کرد هیچ بناغه یه کی یاسایی ده ستوری نیه .

ئه وه ی له م باسه دا مه به سته وه ده ست هێنانی مافه سه ره کیه کانی مرۆڤه له کوردوستان. ئه م مافه ئێستا له لایه ن دکتاتۆریه تی به رزانی – تاڵه بانی زه وت کراوه .

<u>مۆ نۆ پۆڵ کردنی پۆستی سه رکردایه تی هه رێم له لایه ن مسعود به رزانیه وه پێچه وانه ی خواستی کورده ، هه ر وه ها وه ر گرتنی که ڵکی خراپ ( سوء الاستفادة ) له م سه رکردایه تیه له لایه ن سه رۆکی ئیجباری کوردوستانه وه هۆی فسادی و ما ڵ وێرانی کوردن</u> .
<u>تسلیم کردنی پۆ ستی سه رکردایه تی به که سێکی هه ڵبژێردراوی گه ل  تاکه رێگایه بۆ رزگاری کورد ی باشور له هه موو ئه و مه ینه تیانه ی به سه ریا هاتوه</u>!!!!!

بژی ئیراده ی گه ل
سه رکه وتوبێ ئاڵای ئازادی
پارێزه ر
نوری عومه ر/ نمسا
10.12.2005